# ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا

عەبدوڵڵا عەبدال فەتاح، شادان شوکر سابیر
بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا"یە، هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆربەی کات هەردوو مۆرفی سفر و شاراوە تێکەڵ دەکرێن، مۆرفە شاراوەکانیش بە مۆرفی سفر دادەنرێن، ئێمە دەمانەوێت بەم توێژینەوەیە، ئەمە یەکلایی بکەینەوە.

مۆرفی سفر و شاراوە لەیەکدی جیان؛ مۆرفی شاراوە فۆڕمی هەیە و بەهۆی فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیی زمانەکەوە دەرنەکەوتووە، چونکە 'زمانی کوردی زمانێکی نووساو و تێکچڕژاوە'١، بۆیە دەنگەکان کار لە یەکتری دەکەن، بەڵام مۆرفی سفر لە بنەڕەتدا هیچ فۆڕمێکی نییە و هیچ مۆرفێک نوێنەرایەتیی مۆرفیمەکەی ناکات، بۆیە مۆرفەکەی سفرە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییەی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا .

ڕێبازی توێژینەوەکە (پەسنیی شیکاری)یە و بەپێی کەرەستەکانی هەردوو زارەکە (کوردیی ناوەڕاست و سەروو) جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە دەکات و وەسفی مۆرفەکان دەکات، هەروەها بەپێی ئاستی ڕستەسازیی زارەکان شیان دەکاتەوە.

گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، جیاوازیی نێوان مۆرفەکان ڕوون دەکاتەوە و یەکلاییان دەکاتەوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی: مۆرفی شاراوە خاوەن فۆڕم و مۆرفی سفریش بێ فۆڕمە، هەروەها بەپێی جیاوازیی ئەم دوو مۆرفە، دەردەکەوێت هەموو ئەو مۆرفانەی بە سفر دانراون، مۆرفی سفر نین، بەڵکوو بەشێکیان مۆرفی شارەوەن و وەک مۆرفی سفر ناسێنراون، ئەنجامێکی دیکەی ئەم جیاوازییە ئەوەیە: هەندێک کات بە مەبەست مۆرفی دەرکەوتوو دەکرێتە دەرنەکەوتوو، بەڵام مۆرفی سفر شیانی ئەوەی نییە.

**کلیلە وشەکان-** مۆرف، مۆرفی سفر، مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی، کوردیی ناوەڕاست، کوردیی سەروو.

**هێما و کورتکراوەکان:**

θ : مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی)٢

∅ : مۆرفی سفر

= و ⟵ : دەبێتە

م. سفر: مۆرفی سفر

م. شاراوە/ ڤەشارتی: مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی

م. بەتاڵ: مۆرفی بەتاڵ

ج.: جێناو

ج. ل. ک.: جێناوی لکاوی کەسی

**خشتە و هێڵکاری:**

خشتەی ژمارە (١)، مۆرفی سفر و شاراوە لە پێکهاتە و لێکەوتەی کرداردا، ١-٢).

خشتەی ژمارە (٢)، شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی ناوەڕاست، ٢-١-١-٦).

خشتەی ژمارە (٣)، شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەروو، ٢-١-٢-٦).

هێڵکاریی ژمارە (١)، ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک، ١-٣).

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بۆ "ئەرکی ڕێزمانیی مۆرفی (سفر و شاراوە) لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا" تەرخان کراوە، هەوڵ دەدات ئەرکی ڕێزمانیی هەریەک لەو مۆرفانە نیشان بدات.

### ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، جیاوازی لەنێوان مۆرفی سفر و شاراوەدا بکرێت و چیتر مۆرفە شاراوەکان بە مۆرفی سفر و، مۆرفیش بە مۆرفیم نەناسێنرێت، هەروەها

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp74-84
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 16 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 10 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: abdulla.fattah@koyauniversity.org, shadan.shukr@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر ©2025 عەبدوڵڵا عەبدال فەتاح، شادان شوکر سابیر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هێمای جیاوازیان بۆ بەکار بهێنرێت، تاکوو تێکەڵ نەبن، چونکە گرنگە دیاردە ڕێزمانییەکان وەک ئەوەی هەن، بیانناسین.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆربەی کات هەردوو مۆرفی سفر و شاراوە تێکەڵ دەکرێن، مۆرفە شاراوەکانیش بە مۆرفی سفر دادەنرێن، ئێمە دەمانەوێت بەم توێژینەوەیە، ئەمە یەکلایی بکەینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (پەسنیی شیکاری) جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە دەکات و وەسفی مۆرفەکان دەکات، هەروەها بەپێی ئاستی ڕستەسازیی زارەکان شییان دەکاتەوە.

**توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:**

ئایا هەموو مۆرفیمێک مۆرفێکی سفری هەیە؟
ئایا مۆرفی سفر دەبێتە شاراوە، یان بە پێچەوانەوە؟
هۆکارەکانی مۆرفی سفر و شاراوە چین؟
مۆرفی سفر و شاراوە لە ڕستەدا، چ ئەرکێک دەبینن؟

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە مۆرفی زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروو (گۆڤەری بادینی).

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکی، دوو بەش، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت:
بەشی یەکەم: بە ناونیشانی "مۆرفیم و مۆرف"ە و ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: پێناسەی مۆرفیم، مەرج و تایبەتمەندییەکانی، ... جۆرەکانی مۆرفی مۆرفیم.
بەشی دووەم: بە ناونیشانی "مۆرفی سفر و شاراوە لە کوردیی ناوەڕاست و سەروودا"یە و بە نموونەوە ئەو مۆرفانە خراونەتەڕوو، کە دەبنە مۆرفی شاراوە، لەگەڵ ئەو مۆرفانەی سفرن، بۆ هەر زارێک بەجیا، وەک مۆرفەکانی (کەس، تاف، نادیاری، ڕووکار، ... تاد.).

## بەشی یەکەم
## مۆرفیم و مۆرف

**1-1) پێناسەی مۆرفیم:**

مۆرفیم دانەیەکی مۆرفۆلۆژییە و پێکهاتەیەکی ڕێزمانی و فەرهەنگییە، زمانەوانان لە ڕوانگەی جیاوازەوە، پێناسەی ئەم چەمکەیان کردووە، بەڵام تاکوو ئێستا هەموویان لەسەر پێناسەیەک کۆک نین، بۆیە دەکرێت پێناسەکان کەموکووڕییان تێدا بێت، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

"یول" مۆرفیم، بریتییە لە بچووکترین یەکەی واتادار بۆ شیکردنەوەی ڕێزمانی لە زمانێکدا (Yule, 2010: 65)، "کاتامبا" زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، مۆرفیمەکان وردترین یەکەی واتای زمانەوانین، ناتوانرێت لەوە زیاتر دابەش بکرێن ( Ktamaba, 1993: 24) و وەک بناغەی سەرەکی بۆ پێکهاتەی وشە کار دەکەن؛ "ئەوڕەحمانی حاجی مارف"یش بە هەمان شێوە لە ڕوانگەی واتاوە پێناسەی مۆرفیم دەکات و دەڵێت: "بچووکترین دانەی واتاداری زمانە" (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٣٤).

لەم پێناسانەدا جەختی سەرەکی لەسەر واتایە، هەڵبەت ناکرێت مۆرفیمەکان لەوە بچووکتر بکرێنەوە، چونکە واتا لەدەست دەدەن، وەک (دارەوان-ەوان: دار) ناکرێت مۆرفیمەکانی (دار) و (ەوان) لەوە زیاتر بچووک بکرێنەوە بۆ (د، ا، ر) و (ە، و، ا، ن)، چونکە ئەمانە کەرەستەی فەرهەنگین و واتاکانیان لە فەرهەنگدا بەرانبەر ئەو فۆڕمانە دانراون، بە کرتاندنی هەر فۆنیمێکیان؛ کەرەستەکان واتای پێشوویان نامێنێت، بەڵام هەریەک لەم فۆنیمانە لە دەوروبەری تردا دەتوانن ئەرکی ڕێزمانی ببینن و ببنە مۆرفیم، ئەم ڕۆڵبینینەیش زیاتر بە ئاستی ڕستەسازییەوە پێوەستە.

"وریا عومەر ئەمین"یش بەم چەشنە پێناسەی مۆرفیم دەکات: 'بچووکترین دانەی واتاداری زمانە، لە فۆنیمێک یان زیاتر پێک دێت و دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە، بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی، یان بە لەتکردنی، واتا و دەورە ئەسڵییەکەی لەناو دەچێت' (امین، ١٩٨٢: ٨٥-٨٦)، (ئەمین، ٢٠١١: ٩١)، لەم پێناسەیەی "وریا عومەر ئەمین"دا ئاماژە بە مۆرفۆفۆنیم کراوە، چونکە مۆرفیمان هەیە لە یەک فۆنیم پێک هاتووە و ئەرکێکی ڕێزمانیی هەیە، وەک مۆرفۆفۆنیمی (ب) لە (بکرە، بخۆ، ...هیی تر)دا.

لەم پێناسانەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، مۆرفیم بچووکترین دانەی واتادار یان خاوەن ئەرکی ڕێزمانییە، مەرج نییە هەموو مۆرفیمێک واتای هەبێت، دەکرێت تەنیا ئەرکی ڕێزمانیی هەبێت و لە کۆی واتای وشەکە ڕۆڵ ببینێت و ئاڕاستەی واتاکە بگۆڕێت.

**1-2) مەرج و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم:**

مۆرفیم وەک هەر دانەیەکی تری زمانی، بەهۆی چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە و لە دانەکانی تری زمان جیا دەکرێتەوە؛ مەرج نییە هەموو تایبەتمەندییەکان لە هەر مۆرفیمێکدا هەبن، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەبێت دوو مەرج یان تایبەتمەندیی تێدا بێت، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەدەین:

1. **واتاداربوون:**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی لە زۆربەی پێناسەکاندا جەختی لێ دەکرێتەوە (واتایە)، واتا ڕۆڵێکی گرنگی لە مۆرفیمدا هەیە، وەک "بلۆمفێڵد" دەڵێت: مۆرفیم 'بچووکترین یەکەی واتاداری زمانە' (قادر، ٢٠٠٢: ١٨)، ئەم لایەنە لە سەرەتای بیرۆکەکەوە ناسراوترین تایبەتمەندیی مۆرفیم بووە، "بەم پێیە دەبێت هەموو مۆرفیمێک واتاداربێتو سیمای سەرەکیی بوونی واتایە، چونکە دەوترێت، لەوە بچووکتر ناکرێتەوە، بێ‌ئەوەی واتای تێک بچێت" (حمد، ٢٠١٤: ١٤)، بۆ نموونە: ناتوانین بە پێکهاتەی (دڕ) بڵێین مۆرفیم، چونکە لە زمانی کوردیدا واتای نییە و ئەو مەرجە جێبەجێ ناکات.

2. **ئەرکی ڕێزمانی:**

مۆرفیم ئەگەر واتای سەربەخۆیشی نەبێت، ئەوا ئەرکی ڕێزمانی دەبینێت و بەشداری لە پێکهاتەی فرێزەکاندا دەکات، بەبێ ئەوەی واتای پێکهاتە سەرەکییەکە بگۆڕێت، بەڵکوو تەنیا ڕۆڵە ڕێزمانییەکە دەبینێت، وەک "شەهاب تەیب و شیروان حسێن" دەڵێن: "مۆرفیم بچووکترین دانەی زمانە، کە یان واتای هەیە یان ئەرک" (طاهر و حمد، ٢٠١٥: ٧)، "فرۆمکین و هاوکارانی"یشی جەخت لەوە دەکەنەوە،

دەکرێت مۆرفیمەکان ئەرکی سیمانتیکی (واتایی) یان ڕێزمانی هەڵبگرن ( Fromkin and Hymas, 2018: 93)، بۆ نموونە:

١) ب + کە + ر + ەوە= بکەرەوە

٢) کوڕ + ەکە= کوڕەکە

٣) هات+ ەوە= هاتەوە (ڕێزمانی)    ٤) خواردن+ ەوە= خواردنەوە (واتایی)

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، ئەم مۆرفیمانەی دیاریمان کردوون، واتای وشە سەرەکییەکانیان نەگۆڕیوە، بۆ نموونە {ەکە} لە وشەی (کوڕەکە)دا واتای (کوڕ)ی نەگۆڕیوە، بەڵکوو تەنیا دۆخی ڕێزمانیی گۆڕیوە، بۆیە مۆرفیم "وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی ڕستە ئەرکێک یان واتایەک دەگەیەنێت" (عبدالله، ٢٠٠٧: ٢٤).

### 3. کەرتنەبوون:

یەکێکی تر لە مەرجەکانی بەمۆرفیمبوون ئەوەیە، 'مۆرفیم بۆ دانەی وردتر کەرت ناکرێت' (حەمەدئەمین، ٢٠١٤: ٦٢) ، ئەگەر کەرت بکرێت، "واتای بنچی مۆرفیمەکە دەگۆڕێت، یان دەبێتە پێکهاتەیەکی بێ واتا" (عەول، ٢٠١٠: ٣١٢)، یانیش ئەرکە ڕێزمانییەکەی بەجێ ناگەیەنێت، بۆیە مەرجە مۆرفیم بۆ دانەی بچووکتر کەرت نەکرێت، بۆ نموونە: 'ئەگەر (باخ) بۆ شێوەکانی (ب...اخ)، (ب...ا...خ) و (با...خ) لەت بکەین، هیچ کام لە پارچەکان واتا نابەخشن' (سەرچاوەی پێشوو: ٣١٢)، یان ئەگەر وشەی (ناسک) بۆ (نا) و (سک) کەرت بکەین، واتاکەی خۆی لەدەست دەدات، چونکە (نا) وەک مۆرفیمی نەرێ و (سک)یش وەک (زگ: خوارەوەی سنگی مرۆڤ) واتای (ناسک) وەک هاوەڵناو ناگەیەنن.

### 4. شێوەی فیزیکی (پیت):

هەموو مۆرفیمەکان بە پیت دەنوێنرێن، واتە خاوەن فۆرم/ مۆرفی خۆیانن، تەنیا مۆرفی سفر نەبێت، چونکە شێوەی فیزیکیی نییە، بۆیە مۆرفەکەی سفر دەبێت، واتە 'کاتێک مۆرفیم یەکێک لەو ئەرکە ڕێزمانییانەی، کە بەزۆری بەهۆی مۆرفێکەوە نیشان دەدرێت، لە شوێنێکدا مۆرفەکەی بزر بکات و شێوەیەکی فۆنەتیکی یان فیزیکیی نەبێت، بۆ نموونە: لە کوردیی ناوەڕاستدا یەکێک لە نووسەکە لکاوەکان کە دەبێتە نیشانەی ڕێککەوتن، یان بەرکار دەنوێنێت، لە هەندێک شوێندا دەرناکەوێت، یان بوونی مادیی نامێنێت، وەک:

٥) ڕۆیشتم. ⟵ م    ٦) ڕۆیشتین. ⟵ ین

٧) ڕۆیشتیت. ⟵ یت    ٨) ڕۆیشتن. ⟵ ن

٩) ڕۆیشت. ⟵ ∅    ١٠) ڕۆیشتن. ⟵ ن

کەواتە مۆرفی وەها هەیە (نەک مۆرفیم)، کە لە هەندێک شوێندا بوونی فیزیکی و فۆنەتیکیی خۆی لەدەست دەدات (نەک لە هەموو شوێنێکدا)؛ لە کاتێکدا، کە لە شوێنی تردا دەپارێزرێت، بەم جۆرە مۆرفە (دیسان نەک مۆرفیم) دەگوترێت (مۆرفی سفر)' (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦، ٢٥-٢٦)، بەڵام تایبەتمەندیی ئەم مۆرفە جیایە لە مۆرفی شاراوە/ 'ڤەشارتی، مەبەست ژڤان مۆرفیمان ئەون، هندەک جاران دشێن دەرکەڤن بەلێ دەرنەکەفتینە، بەس ب شێوێ ڤەشارتی د ڕستێدا یێن هەی و تنێ د ڕستێدا ئەم هەست ب بوونا فۆڕمێ فیزیکیێ وان ناکەین د ئاستێ سەریدا، وەکی:

١١) ئەز د ژوورڤە بووم.   ئەز θ ژوورڤە بووم. ⟵ د: م. ڤەشارتی

١٢) ئەو ل زانکۆیێ بوو.   ئەو θ زانکۆیێ بوو. ⟵ ل: م. ڤەشارتی

∅: م. سفر

جیاوازییا مۆرفا ڤەشارتی دگەل مۆرفا سفر ئەوە، مۆرفا سفر شێوەکێ فۆنەتیکی نییە، بەلێ مۆرفا ڤەشارتی د بنەڕەتدا شێوەکێ فۆنەتیکی یێ هەی، بەلێ دەرنەکەفتییە' (ڕەجەب، ٢٠٠٦: ٢١)، هەروەها لەم نموونانەی کوردیی ناوەڕاستیشدا جیاوازیی مۆرفی سفر و شاراوە/ شاردراوە دەردەکەوێت:

**خشتەی ژمارە (١)**

**مۆرفی سفر و شاراوە لە پێکهاتە و لێکەوتەی کرداردا.**

| ژ. | ڕستە | پێکهاتەی کردار | لێکەوتە |
|---|---|---|---|
| ١. | ئەو هات. | ها + ت+ ∅ | ∅: م. سفرە |
| ٢. | یاری بکە. | ب+ کە+ ە | ە: م. شاراوەیە |
| ٣. | یاری ناکەم. | نا+ دە+ کە+ م | دە: م. شاراوەیە |

لەم ڕستانەی خشتەی سەرەوەدا، مۆرفی سفر و شاراوە هەن؛ ڕستەی یەکەم بەهۆی ئەوەی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەمی جێناوی لکاوە/ ڕێککەوتنە، لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەوێت، بۆیە مۆرفی سفرە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا لەبەر ئەوەی هەردوو مۆرفەکە هەمان دەنگن و هاوسازگەن، مۆرفی مۆرفیمی جێناوی لکاو بۆ دەستەی چوارەم (بکەر) دەرناکەوێت و لە ژینگەی تردا دەردەکەوێت، وەک (بکرە، بفرۆشە، بخوێنە)، بۆیە ئەم مۆرفە شاراوەیە و نابێتە مۆرفی سفر، لە ڕستەی سێیەمیشدا بەهۆی گۆڕینی دۆخی ڕێزمانییەوە، لە ئەرێوە بۆ نەرێ؛ ئەسپێکتی ڕانەبردوو دەشاردرێتەوە و دەبێتە (م. شاراوە)، تەنیا هەست بە ڕانەبردووییەکەی دەکەین.

### 5. دووبارەبوونەوە لە دەوروبەری تردا:


مۆرفیم، لە ژینگەی جیاوازی وشەییدا بە واتایەکی جێگیرەوە دووبارە دەبێتەوە (Stageberg, 1981: 83)، یان هەمان ئەرک دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی مۆرفیم مەرجی بەمۆرفیمبوونی خۆی بەجێ بگەیەنێت، دەبێت لە دەوروبەری تردا بە واتای جیاواز یان هەمان ئەرکی ڕێزمانی دووبارە ببێتەوە، بۆ نموونە: مۆرفی {ەو} لەم وشانەدا دووبارە بووەتەوە: "شارەوشار، دارەودار، ساڵەوساڵ" (هاشمی، ٢٠٢١: ٢٤)، لەم ڕووەوە '«بەرامبەر» هەڵەیە، «بەرانبەر» ڕاستە، لەبەر ئەوەی هیچ وشەیەکی ترمان نییە بە یارمەتیی مۆرفی {ام} دروست بووبێت، بەڵام وشەی تر هەن، بە یارمەتیی مۆرفی {ان} دروست بوونە، وەک (سەرانسەر، دەوراندەور)' (عەبدال، ٢٠٢١: ٩٥).

### ٣-١) مۆرف، مۆرفیم و ئەلۆمۆرف:

زمانەوانان ئەم سێ چەمکە بەیەکەوە باس دەکەن، چونکە هەرسێکیان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و یەکتری تەواو دەکەن، ئەم سێ زاراوەیە "بەیەکەی پێوانەی ئەم ئاستەی زمان[3] هەژماردەکرێن" (حمد، ٢٠١٤: ٣٢)، لێرەدا پێوەندیی نێوانیان و چۆنێتیی دەرکەوتنیان دەخەینەڕوو:

مۆرفیم 'جیاوازی بێت یان یەکەیەکی هۆشەکی، قەبارەدار نییە' (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ١٥)، واتە هیچ وێنەیەکی نییە و بەرهەستە، بەڵام مۆرف "بچووکترین یەکەی دەربڕاوە" (قادر، ٢٠٠٣: ١٦)، واتە فۆرمێکی فیزیکییە و نوێنەرایەتیی مۆرفیمێک دەکات، (Katamba, 1993: 24) یان دەینوێنێت، ئەو مۆرفانەی کە مۆرفیمەکان دەنوێنن، بەهۆی مۆرفۆلۆژیی زمانەکە، هەندێک جار لە کاتی زیادکردنیاندا دەنگی بەرکەوتە دەگۆڕێت، دەنگێکی لێ دەکرێت یان بۆی زیاد دەکرێت، بەمەیش شێوەی جیاواز بۆ مۆرفیمەکە زیاد دەبێت و "بە شێوە جیاجیاکانی مۆرف دەوترێت

(ئەلۆمۆرف)" (صادق، ٢٠٢٣: ٨)، ئەلۆمۆرفەکانیش بە هۆکار و ژینگەی جیاواز دروست دەبن و هۆکارەکە دەبێتە ناوی جۆری ئەلۆمۆرفەکە، بەم هێڵکارییەیش پێوەندیی نێوان زاراوەکان نیشان دەدەین:




**هێڵکاریی ژمارە (١)**
**ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کەسی دووەمی تاک.**

### ١-٤) جۆرەکانی مۆرفی مۆرفیم:

ئەم جۆرانە چۆنێتیی نواندنی مۆرفی مۆرفیمەکان لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە دەگرنەوە، چونکە هەموو مۆرفەکانی مۆرفیمێکی دیاریکراو بە یەک شێوە دەرناکەون، بۆیە دابەشی سێ جۆر دەبن:

#### ١-٤-١) مۆرفی دەرکەوتوو[٤]: بە سێ شێوە دەردەکەون:

#### ١-٤-١-١) تەواو:

ئەو مۆرفانەن، کە لەسەر وشە و لەنێو ڕستەکاندا -وەک خۆیان بەبێ کارتێکراوی- دەرکەوتوون و شێوەی فیزیکییان نەگۆڕاوە، وەک:

١٣) مۆرفی مۆرفیمی نادیاری {ر} ⟵ خورا، دەخورێ.

١٤) مۆرفی مۆرفیمی ناسراوی {ەکە} ⟵ کوڕەکە، پیاوەکە

#### ١-٤-١-٢) ناتەواو:

ئەو مۆرفانەن، کە لەسەر وشە و لەنێو ڕستەکاندا بەناتەواوی دێن، واتە لەتێکی مۆرفەکە دێت و وەک ئەلۆمۆرفی مۆرفیمەکە دەناسرێت، چونکە بەپێی ژینگەی گۆکردن، وا دەگونجێت، بۆ نموونە: 'جێناوی کەسی سێیەمی (ێت) لە شێوەی (ت)دا دەردەکەوێت، نەک (ێت)، وەک:

١٥) دەنووسرێت. ⟵ (دە + نووسرێ + ت)

١٦) دەخورێت. ⟵ (دە + خورێ + ت)

١٧) دەبینرێت. ⟵ (دە + بینرێ + ت)

بۆیە لە شێوەی (ێت)دا دەرناکەوێت، چونکە (کرداری ڕانەبردووە نادیارەکە) کۆتاییی بە بزوێنی /ێ/ دێت، ئیتر ناشێت بزوێنێکی تر بەدوای ئەودا بێت، بەناچاری بزوێنێکیان دەکرێت' (لیژنەی کۆڕی زانیاری، ١٩٧٥: ٤٣٦)، یان وەک مۆرفەکانی مۆرفیمی ناسراوی جگە لە {ەکە}، کە دەبنە {کە، ەک، ک، ... تاد.}، وەک:

١٨) مامۆستاکە، کوڕەکان، مامۆستاکان

#### ١-٤-١-٣) ئاوێتە/ گۆڕاو:

ئەو مۆرفانەن، بەهۆی کاریگەریی فۆنۆلۆژیی زمان و بەیەکەوەنەهاتنی دەنگە بزوێنەکان، ئەلۆمۆرفێکی مۆرفیمی بەتاڵ کار لە دوو مۆرفی پێش خۆی دەکات و مۆرفێکی تریان لێ بەرهەم دێنێت، فۆڕمی مۆرفە نوێیەکە دەبێتە نوێنەری هەردوو مۆرفە کارلێککراوەکان، بۆ نموونە: لە دووبارەکردنەوەی ڕێژەی ڕابردووی تەواوی هەواڵیدا، مۆرفێکی مۆرفیمی بەتاڵ بەم چەشنە نێوەندگیر دەبێت (هات + ووە + ت+ ەوە)؛ دواتر، واتە 'دوا قۆناغی وەرگرتنی ئەو گیرەک و مۆرفی بەتاڵە گۆڕانێکی دەنگی دەخاتە فۆڕمی ڕێژەی ڕابردووی تەواو و دەبێتە:

١٩) هات + {وو + ە ⟵ ۆ }+ ت + ەوە ⟵ هاتۆتەوە' (بابکر، ٢٠١٦: ٤٩)، لێرەدا {ۆ} مۆرفێکی بەرهەمهاتووە و گۆڕاوی دوو مۆرفی ترە، واتە مۆرفۆفۆنیمی {ۆ} 'لە گۆکردندا دەنگێکی تێکەڵە لە هەردوو بزوێنی /ە/ و /و/، هەربۆیەش لە ڕەوتی ئاخاوتندا هەندێک جار لە هەندێک وشەدا ئەم دوو بزوێنە تێکەڵ دەبن و فۆنیمی /ۆ/ دروست دەکەن، وەک:

٢٠) ماموەستا کەونەکەمان بووەتە سەرپەرشت.

مامۆستا کۆنەکەمان بۆتە سەرپەرشت.' (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٣١٢).

یاخود گۆڕانی دەنگێکی مۆرفی مۆرفیمێک، بۆ نموونە 'کاتێک {-ات}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بە ڕەگی ڕانەبردووی ئەو کردارانەوە دەلکێت، کە کۆتاییان بە /ۆ/ هاتووە، لەگەڵ بەیەکگەیشتنی هەردوو ڤاوڵی /ا/ و /ۆ/، دەنگی /ۆ/ دەگۆڕێت بە /و/ی نیمچەکۆنسونانت' (عەلی، ٢٠١٥: ١٣٣)، بۆ نموونە:

٢١) دە + خۆ + ات ⟵ دەخوات.

٢٢) دە+ ڕۆ + ات ⟵ دەڕوات.

لەم نموونانەدا مۆرفەکانی (خۆ، ڕۆ) گۆڕاون بە (خو، ڕو).

#### ١-٤-٢) مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی)[٥]:

ئەم مۆرفانە خاوەن فۆڕمی خۆیانن، بەڵام بە هۆکارێک دەرنەکەوتوون، بۆ نموونە: مۆرفی مۆرفیمی ڕەگی کرداری چاوگی (بوون) دەبێتە {ب}، بەڵام لە ڕانەبردووی ئێستادا دەرناکەوێت، وەک (من زیرەکم)، کەچی لە داهاتوودا دەردەکەوێت، وەک (من زیرەک دەبم)، یاخود کاتێک 'هەرسێ کەرەستەی (ب + ێ + ێت) لێک دەدەن، (ێ)ی جێناوی لکاوی {ێت} لەناو ڕەگی {ێ}دا دەتوێتەوە و دەبنە (بێت)، دەشێت (ت)ی جێناوی لکاویش لا ببردرێت و ببنە (بێ)' (ئەمین، ٢٠١١: ٣٢)، واتە جێناوە لکاوەکە دەرنەکەوێت و بشاردرێتەوە؛ هەندێک جار (ێ)ی پێتی یەکەمی جێناوی لکاوی {ێت}یش دەکەوێتە دوای {ێ}ی نادیاری و دەسوێت و هەروەک ئاماژەی پێ درا، دەشێت (ت)یش لا ببردرێت، بۆیە دەتوانین بەم مۆرفانەی کە بە هۆکارێک دەرنەکەوتوون، بڵێین (مۆرفی شاراوە، یان دەرنەکەوتوو/ ڤەشارتی)، وەک:

٢٣) ب + ێ + ێت ⟵ بێ$\theta$. (ێت= $\theta$)

٢٤) دە + نووس + ر + ێ + ێت ⟵ دەنووسرێ$\theta$. (ێت= $\theta$)

#### ١-٤-٣) مۆرفی سفر:

ئەو مۆرفەیە، ئەرکی نواندنی مۆرفیم جێبەجێ ناکات، تەنانەت لە هیچ ژینگەیەکیشدا فۆڕمی نییە، بەڵکوو تەنیا جێنشینی هەیە، واتە لە ئاوەزدا هەست بە کەسێک دەکەین، وەک مۆرفی مۆرفیمی کەسی سێیەمی تاک لە کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان/ جێناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن:

٢٥) هاتم. ← من هاتم. ← {م} نوێنەرایەتیی {من} دەکات.
٢٦) هاتیت؟ ← تۆ هاتیت؟ ← {یت} نوێنەرایەتیی {تۆ} دەکات.
٢٧) هات ∅. ← ئەو هات. ← هیچ مۆرفێک نوێنەرایەتیی {ئەو} ناکات.

## بەشی دووەم
## مۆرفی سفر و شاراوە لە کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

مۆرفی سفر و شاراوە جیاوازییەکی ڕوونیان لەنێواندایە، وەک لە بەشی یەکەمدا خستمانەڕوو، لێرەیشدا بەپێی تایبەتمەندیی هەریەکێکیان و بۆ هەر زارێکیان نموونە دەهێنینەوە:

### ٢-١) مۆرفی شاراوە لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

ئەو مۆرفانەن، بەهۆی کاریگەریی فۆنۆلۆژیی زمانەکەوە، هەندێک لە مۆرفەکان هیچ بەشێکیان دەرناکەوێت؛ 'ئەم دیاردەیە دەکەوێتە نێوان هەردوو ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە، واتە ئەگەر دیاردەکە بە هۆکاری فۆنۆلۆژییش بێتە ئاراوە، کاریگەرییەکەی دەچێتە بواری مۆرفۆلۆژییەوە' (صابر و عەبدوڵا، ٢٠٢٣: ١١٠)، ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم مۆرفە لە زۆربەی توێژینەوەکاندا[٦] وەک مۆرفی سفر ناسێنراوە و تێکەڵ کراون، ئێمە لێرەدا بەپێی زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروو، مۆرفە شاراوەکان دەخەینەڕوو:

### ٢-١-١) مۆرفی شاراوە لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا:

لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا مۆرفێکی زۆر بەهۆی فۆنۆلۆژیی زارەکەوە دەرناکەون و بەشاراوەیی دەمێننەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

#### ٢-١-١-١) مۆرفی کەس: هەندێک لە جێناوە لکاوەکان بە هۆکاری فۆنۆلۆژیی زمانەکەوە دەرناکەون، وەک:

1. مۆرفی {ە}ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاکی ڕێژەی فەرماندان:

یاسای دروستبوونی کرداری ڕێژەی فەرماندان:
ب + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (ە-ن)
١) ب + نووس + ە ← بنووسە.
٢) ب + خۆ + ە ← بخۆθ.
٣) ب + خۆ + ن ← بخۆن.
٤) ب + گریێ + ە ← بگریێθ.

لەو نموونانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، هەر ڕەگێکی ڕانەبردوو پیتی کۆتاییی بزوێن بێت، {ە}ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت و شاراوە/ ڤەشارتی دەبێت.

2. مۆرفی {ێت}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵەی سێیەم، لەگەڵ کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕی بکەردیار و کرداری ڕانەبردووی بکەرنادیار:

یاسای دروستبوونی کرداری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانیی بکەردیار:
هەواڵی: دە + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، (ات، ێت)-ن)
٥) دە + گریێ + م ← دەگریێم.
٦) دە + گریێ + ێت ← دەگریێت. ← دەگریێθ.
٧) دە + خورێ + ێت ← دەخورێت. ← دەخورێθ.
٨) ئەو دەگریێθ، چونکە لەشی دەخورێθ.

دانانی: ب + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، (ات، ێت)-ن)
٩) ب + گریێ + م ← بگریێم.
١٠) ب + گریێ + ێت ← بگریێت ← بگریێθ.
١١) ب + خورێ + ێت ← بخورێت ← بخورێθ.
١٢) ڕەنگە ئەو بگریێθ، چونکە لەشی دەخورێت.
١٣) ڕەنگە لەشی بخورێθ، لەبەر ئەوەی پێشکە پێیوەدایە.

یاسای دروستبوونی ڕانەبردووی بکەرنادیاری هەردوو ڕێژەکە:
ب/ دە + ڕەگی ڕانەبردوو + ر (نادیاری) + ێ (تافی ڕانەبردوو) + ج. لکاو (م-ین، یت-ن، ێت-ن)
١٤) دە + بەخش + ر + ێ + ین ← دەبەخشرێین.
١٥) دە + فرۆش + ر+ ێ + ێت ← دەفرۆشرێت. ← دەفرۆشرێθ.
١٦) دە + بین + ر + ێ + ێت ← دەبینرێت. ← دەبینرێθ.

١٧) ب + بەخش + ر + ێ + ین ← ببەخشرێین.
١٨) ب + فرۆش + ر+ ێ + ێت ← بفرۆشرێت. ← بفرۆشرێ.θ
١٩) ب + بین + ر + ێ + ێت ← ببینرێت. ← ببینرێθ.
٢٠) ئەگەر ئەو ببەخشرێθ، خانووەکەی دەفرۆشرێθ.

لەو نموونانەی سەرەوەدا، {ێت}ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک بە هۆکاری فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی بەشێکی دەسوێت و دەرناکەوێت، بەشەکەی دیکەیشی ئاساییە لا ببردرێت، واتە دەشێت تەواوی مۆرفەکە دەرنەکەوێت[٧].

**٢-١-١-٢) مۆرفی تاف:** بۆ ڕوونکردنەوەی کاتی ڕوودانی کردارەکان لە ڕووی فیزیکییەوە بە تاف ئاماژەی پێ دەدرێت، مۆرفی {ە} لە ئەرکی تافی ئێستادا، کە تافی ڕوودانەکە دەخاتەڕوو، هەندێک کات بە هەندێک هۆکار دەرناکەوێت؛ تافی ئێستا، 'گوزارشت لە کردارێک دەکات، کە ئێستا یان لە کاتی ئاخاوتندا حاڵەتێک ڕوودەدات' (محمود، ٢٠٢٣: ٤٩) و بە مۆرفی {ە} ئاماژە بە تافەکەی دەکرێت؛ ئەم مۆرفە لەبەر ئەوەی بزوێنێکی کورت و بێهێزە، کەم دەردەکەوێت، زۆربەی کات مۆرفی شاراوەیە/ دەرنەکەوتووە، بواری دەرکەوتنی لە کاتێکدا دەبێت، کە جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک مۆرفی سفر بێت (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٦)، بۆ نموونە:
ناو/ هاوەڵناو + ڕەگی چاوگی بوون + مۆرفیمی تافی ئێستا + ج. ل. ک. سێیەمی تاک

٢١) پیاو + θ + ە + ∅ = پیاوە ← ئەو پیاوە.
٢٢) جوان + θ + ە + ∅ = جوانە ← تنۆک جوانە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا، لەبەر ئەوەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک سفرە و دەرنەکەوتووە، مۆرفیمی تافی ئێستا مۆرفەکەی دەرکەوتووە، بەڵام ئەگەر جێناوەکە بگۆڕین بۆ کەسەکانی تر، ئەوا مۆرفی {ە}ی تافی ئێستا دەرناکەوێت، وەک:

ناو/هاوەڵناو + ڕەگی چاوگی بوون + مۆرفیمی تافی ئێستا + ج. ل. جگە لە ک. سێیەمی تاک

٢٣) پیاو + θ + θ + (م، ین، یت، ن، ن) = پیاوم.

من پیاوم.   ب= θ   ە= θ

٢٤) جوان + θ + θ + (م، ین، یت، ن، ن) = جوانن.

ئێوە جوانن.   ب= θ   ە= θ

**٢-١-١-٣) پێشگری {هە}:**

'ئەسپێکتی {دە}ی ڕانەبردوو لە تافی داهاتوودا، پێشگری {هە}ی (هەبوون) دەشارێتەوە' (بابان، ٢٠١٥: ٨٦)، وەک:

٢٥) ئێستا: پارەم هەیە.

٢٦) ڕابردوو: پارەم هەبوو.

٢٧) داهاتوو: پارەم دەθبێت.   هە=θ

لە دۆخی نەرێنیشدا، مۆرفی نەرێی {نی} "لەگەڵ کاری (بوون/ هەبوون) بۆ دەمی ئێستا بەکاردێت" (حەمید، ٢٠١٥: ٨٣) و پێشگری {هە} دەشارێتەوە، وەک:

٢٨) پارەم هەیە.   پارەم نیθیە.

**٢-١-١-٤) ئامراز (مۆرف)ی خستنەسەر:**

لە فرێزی ناویدا، دیارخەر و دیارخراو بەهۆی دوو مۆرفی خستنەسەر بەیەک دەبەسترێنەوە (سەرچاوەی پێشوو: ٧٣)، وەک مۆرفەکانی {ی، ە}، ئەگەر بێت و دیارخراو بە پیتە بزوێنەکانی (ۆ، ە، ا) کۆتایی هاتبێت و بە هاوەڵناو دیار خرابێت، ئەگەر مۆرفی بەتاڵ (ناوبەند) وەرنەگیرێت، مۆرفی {ە}ی خستنەسەر دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٢٩) خوێندنگە + ە + نوێ + ەکە ⟵ خوێندنگەθ نوێیەکە

٣٠) دەبە + ە + گەورە + ەکە ⟵ دەبەθ گەورەکە

هۆکارێکی تری دەرنەکەوتنی مۆرفی خستەسەر نەناسراوییە، ئەگەر ناوە دیارخراوەکە 'وەک ڕێژە و بڕ بەکار هاتبێت و نیشانەی نەناسراوییش لەسەر دیارخراوەکە بێت' (حمد، ٢٠١٤: ١٧١)، مۆرفی خستنەسەر دەرناکەوێت، وەک:

٣١) قاپێکθ برنج

٣٢) دەبەیەکθ ئاو

یان ئەگەر دیارخەر هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن بوو، ئەوا لەپێش دیارخراوەوە دێت و مۆرفی خستنەسەریش دەرناکەوێت، وەک:

٣٣) دووەمθ قوتابی

٣٤) چوارەمθ ماڵ

**٢-١-١-٥) ڕەگ:** گرنگترین کەرەستەی کردارە و کرۆکی واتاکە بەوەوە پێوەستە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێک دۆخی تایبەتدا دەرناکەوێت و مۆرفەکەی شاراوە دەبێت، وەک:

1. مۆرفی {ب}ی ڕەگی چاوگی (بوون و هەبوون) لە کاتی ئێستادا (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٥٤)، بۆ نموونە:

٣٥) ئەوە کوردθە∅.   ب = θ

٣٦) من کوردθθم.   ب= θ، ە= θ

٣٧) پێنووس هەθیە∅.   ب= θ

لەم نموونانەدا {ب}ی ڕەگی چاوگ دەرنەکەوتووە و شاراوەیە، چونکە لە تافی تردا دەردەکەوێت، وەک: دەبم بە مامۆستا.

2. مۆرفی {هێ/ێ}ی ڕەگی چاوگی (هاتن) لە کرداری (وەرە)ی ڕێژەی فەرماندا دەرناکەوێت، چونکە شازە و بەپێی یاسای (ب + ڕەگ + ج. لکاو) دروست نەبووە، هەرچەندە لە هەندێک شێوەئاخاوتندا بەپێی ئەم یاسایە دروستی دەکەن و دەریدەبڕن، وەک (بێرە):

٣٨) خاڵۆ، بێرە.

نموونەی شیعری:

٣٩) "بێرە کوردستان عەزیزم، گەر تو سەیرانت دەوێ
بتبەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ" (ئەسیری، ١٣٨٣: ١٠١).

لەم نموونە شیعرییەدا، کرداری (بێرە) بەم شێوەیە دروست بووە:

ب + {ێ}ی ڕەگ + {ر}ی م. بەتاڵ + {ە}ی ج. لکاو = کرداری فەرماندان

ب + ێ + ر + ە ⟵ بێرە.

**٢-١-١-٦: مۆرفی رووکار:**

1. **مۆرفی ڕووکاری فەرماندان:** لە ڕێژەی فەرماندا کردار هەیە ناوازەیە و لە یاسا بەدەرە، وەک (وەرە)، لەم کردارەدا جگە لە ڕەگ، مۆرفی {ب}ی فەرماندانیش دەرنەکەوتووە، واتە مۆرفی شاراوەیە، "ئەگەر کارەکە لە ڕووی داڕشتنەوە لێکدراو بوو بە شێوەیێکی گشتی دەشێ (ب) لابرێ" (ئەمین، ٢٠١٦: ٣٤)، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی ناوەڕاست.**

| ژ. | چاوگی ناسادە | ڕەگ | ڕێژەی فەرماندان | شیانی ڕێژەکە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ڕاکردن | ڕا-کە | ڕابکەن. | ڕاθکەن. |
| ٢. | چاپکردن | چاپ-کە | چاپ بکەن. | چاپ θکەن. |
| ٣. | غاردان | غار-دە | غاربدەن. | غارθدەن. |

جگە لەم هۆکارانە، مۆرفی ڕووکاری فەرماندان لە دۆخی نەرێدا بەهۆی مۆرفیمی نەرێوە دەشاردرێتەوە و دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٤٠) بخۆن. ⟵ مەخۆن.   ب= θ

٤١) بکرە. ⟵ مەکرە.   ب= θ

٤٢) رابکەن. ⟵ رامەکەن.   ب= θ

٤٣) چاپ بکەن. ⟵ چاپ مەکەن.   ب= θ

2. **مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی:** هەردوو مۆرفی ڕووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی لەکاتی گۆڕینی ئەرێی ڕێژەکان بۆ دۆخی نەرێ، مۆرفەکانیان دەرناکەون و دەبن بە مۆرفی شاراوە، بۆ نموونە:

٤٤) من نان دەخۆم. ⟵ من نان ناθخۆم.   دە= θ

٤٥) ڕەنگە نان بخۆم. ⟵ ڕەنگە نان نەθخۆم.   ب= θ

**٢-١-١-٧) مۆرفی نادیاری:**

کاتێک کۆتا پیتی ڕەگی کردار (ر) یان (ڕ)ە و مۆرفی {ر}ی مۆرفیمی نادیاری بەدوادا دێت، "دەشێت یەکێکیان لەنێوبەرێن" (ئەمین، ٢٠٠١: ٧٤)، واتە هەندێک کات بۆ ئاسانی دەربڕین ناوبەند وەرناگرێت و مۆرفی مۆرفیمی نادیاری دەرناکەوێت و دەشاردرێتەوە، بۆ نموونە:

ڕابردوو: ڕەگ + مۆرفیمی نادیاری + مۆرفیمی کات + ج. لکاو

٤٦) بر+ ر+ ا+ ین ⟵ برθاین. {ر}ی مۆرفی مۆرفیمی نادیاری = θ م. شاراوەیە.

٤٧) ب+ ر+ ا+∅ ⟵ برθا∅.   {ر}= θ و ج. لکاو = ∅

٤٨) بڕ+ ر+ ا+∅ ⟵ بڕθا∅.   {ر}= θ و ج. لکاو = ∅

ڕانەبردوو: دە + ڕەگ + مۆرفیمی نادیاری + مۆرفیمی کات + ج. لکاو

٤٩) دە + بر + ر+ ێ+ ین: دەبرθێین.   {ر}ی نادیاری = θ

٥٠) دە+ بڕ+ ر+ ێ+ ێت: دەبرθێθ.   {ر}ی نادیاری = θ و ج. لکاو =θ[٨]

٥١) دە+ بڕ+ ر+ ێ+ ێت: دەبڕθێت.   {ر}ی نادیاری = θ و ج. لکاو = ت[٩]

لەو نموونانەی سەرەوەدا مۆرفی مۆرفیمی نادیاری شاراوەیە و لە هیچیاندا دەرنەکەوتووە، چونکە 'ڕەگی کرداری ڕانەبردوویان نابێتە بناغەی دروستکردنی کرداری بکەرنادیار' (بەرزنجی، ٢٠٠٨: ١٠٤)، ئەم چاوگانە و چەند چاوگێکی دیکە لە ڕێگەی ڕەگی ڕابردووەوە دروست دەبن؛ لەمانەدا ئەگەر بێت و ناوبەند وەربگرین، وەک مۆرفیمی بنکەرێکخەر/ بەتاڵی {د}، مۆرفی مۆرفیمی نادیارییش دەردەکەوێت، چونکە "دەتوانێ ببێتە ناوبڕ لە نێوان دو نەبزوێنی هاوشێوە یان لەیەکچودا" (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٢٩٤)، بۆ نموونە:

ڕەگی ڕابردوو + م. بەتاڵ + م. نادیاری + م. کات + م. کەس

٥٢) بر + د + ڕ + ا + ین ⟵ بردراین.

٥٣) بر + د+ ڕ + ا + ∅ ⟵ بردرا∅.

دە + ڕەگی ڕابردوو + م. بەتاڵ + م. نادیاری + م. کات + م. کەس

٥٤) دە + بر + د + ڕ + ێ + ێت ⟵ دەبردرێθ/ دەبردرێت.

**٢-١-١-٨: مۆرفی بانگکردن:**

مۆرفی {ە} وەک مۆرفیمی بانگکردن بە ناوی گشتیی ڕەگەزی (نێر)ەوە دەلکێت، وەک (کاکە، باوکە، مامە، ... هتد)، 'بەڵام ئەگەر ناوێک کۆتاییی بە بزوێنی (ا) هاتبێت، ئەو کاتە نیشانەی {ە}ی بانگکردنەکە تێ دەچێت' (غریب، ٢٠١٣: ١٣٦)، لە نووسیندا بە خاڵبەندی هەستی پێ دەکرێت، چونکە لەدوای ناوە بانگکراوەکە فاریزە دادەنرێت و لە دەربڕینیشدا بە ئاوازە، وەک:

٥٥) برا + ە = براθ ⟵ برا، نانت خوارد؟

**٢-١-٢) مۆرفی شاراوە لە زاری کوردیی سەروودا:**

**٢-١-٢-١) مۆرفی کەس:**

لە کرداری ڕێژەی فەرماندا، هاوشێوەی کوردیی ناوەڕاست، ئەگەر 'ڕەگی کردار کۆتاییی بە یەکێک لە پیتە بزوێنەکان هاتبێت، ئەوا جێناوی لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت' (احمد، ٢٠٢٣: ٩٥)، بۆ نموونە:

ڕووکار (ب) + ڕەگی ڕانەبردوو + ج. لکاوی بکەر بۆ کەسی دووەمی تاک

٥٦) بنڤە.   ە: م. کەس

٥٧) بکەθ.   θ: م. کەس

٥٨) بخوθ.   θ: م. کەس

**٢-١-٢-٢) مۆرفی تاف:**

لەبارەی مۆرفی شاراوە "زێڕین خورشید سەلیم" ئاماژە بە مۆرفیمی تافی ڕانەبردوو دەکات –هەرچەندە ئەو ناوی دەنێ سفر- و دەڵێت: "مۆرفیما دەمێ (ئێستا) (ە)یە نەکو (دە)یە و مۆرفیما دەمێ دهێت (داهاتو) (ێ)یە نەک (دێ)یە" (سەلیم، ٢٠١٢: ٢٠)، هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە بزوێن لە سەرەتاوە ناهێت و دەنگی /د/ بۆ ڕێکخستنی هەوای کۆئەندامی ئاخاوتن دێت، ئەگەر لە "د∅خوم ⟵∅: م. دەمێ نوکە بویە سفر (∅)" (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠)دا دەنگی /ە/ دەرنەکەوتبێت، دەبێتە مۆرفی شاراوە/ ڤەشارتی، نەوەک سفر.

مۆرفی تافی ئێستا و داهاتوو، بەهۆی گۆڕینی دۆخی ڕستەوە، لە ئەرێوە بۆ نەرێ دەشاردرێنەوە و مۆرفی نەرێ شوێنیان دەگرێت، وەک:

٥٩) دخوم. ⟵ ناθخوم. د= θ

٦٠) دێخوم. ⟵ ناθخوم. دێ= θ

**٢-١-٢-٣) پێشگری {هە}:** لە کوردیی سەروودا تەنیا لە دۆخی نەرێدا دەشاردرێتەوە، وەک:

٦١) تە پارە هەنە؟ ⟵ تە پارە نیθنە؟

**٢-١-٢-٤) ئامراز:** لە زاری کوردیی سەروودا، دەشێت هەندێک لەو ئامرازانەی ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، لە ڕستە-ئاستی ڕووکەشدا دەرنەکەون، بەڵام هەست بە بوونی مۆرفیمەکانیان دەکرێت، چونکە بەشێکن لە پێکهاتەی ڕستەکە، وەک:

**٢-١-٢-٤-١) ئامرازی پێوەندی:**

ئامرازی پێوەندی لە فرێزی بەندا، دەشێت لا ببردرێت و دەرنەکەوێت، واتە ببێتە مۆرفی شاراوە و "د ڕستێدا ئەم هەست ب بوونا فۆڕمێ فیزیکیێ وان ناکەین د ئاستێ سەریدا. وەکی:

٦٢) ئەو ل زانکۆیێ بوو.   ئەو زانکۆیێ بوو." (ڕەجەب، ٢٠٠٦: ٢١).

### ٢-١-٢-٤-٢) ئامراز (مۆرف)ی دۆخی ڕەگەز:

دۆخی نێرومێ لە زاری کوردیی سەروودا مۆرفی تایبەتی هەیە و هەردوو ڕەگەزەکەی پێ جیا دەکرێتەوە، وەک مۆرفی {ێ} بۆ ڕەگەزی (مێ) و مۆرفی {ی} بۆ ڕەگەزی (نێر)، ئەم مۆرفانە دەچنە سەر ناو، بە واتایەکی تر، جەخت لە ڕەگەزی ناوی کەسەکان دەکەنەوە و گوێگر دەزانێت ئەو ناوەی کە باسی لێوە دەکرێت، نێرە یان مێ، ئەوەی لێرەدا گرنگە، بە هۆکاری فۆنۆلۆژی هەندێک کات مۆرفی دۆخی ڕەگەزی مێ دەرناکەوێت، وەک:

٦٣) نەسرین + ێ ⟵ نەسرینێ (نەسرینێ نان خار).
٦٤) نازێ + ێ ⟵ نازێθ (وی پارە دا نازێ).
٦٥) ئەحمەد + ی ⟵ ئەحمەدی (ئەحمەدی نان خار).
٦٦) حەجی + ی ⟵ حەجی (حەجی نان خار).

لەم نموونانەی سەرەوەدا، مۆرفی دۆخ لە ڕستەی (وی پارە دا نازێ)دا شاراوەیە و دەرنەکەوتووە.

### ٢-١-٢-٤-٣) ئامراز (مۆرف)ی {ێ}ی نسبی:

مۆرفی {ێ}ی نسبی، مۆرفی دۆخی ڕێزمانییە، دەچێتە سەر ناوی شوێن و بە کۆتاییی ناوەکەوە دەلکێت، وەک:

٦٧) هەڤلێر⟵ هەڤلێرێ (ئەز دچمە هەڤلێرێ)
٦٨) دهۆک ⟵ دهۆکێ (ئەز دچمە دهۆکێ).

هەموو کات دەردەکەوێت، تەنیا ئەگەر کۆتا پیتی دەنگی /ێ/ بێت، دەرناکەوێت، وەک:

٦٩) ئاکرێ ⟵ ئاکرێθ (ئەز دچمە ئاکرێθ).

**٢-١-٢-٥) ڕەگ:** گرنگترین کەرەستەی کردار و ڕستەیە و هەموو کەرەستەکانی تر بەهۆی ئەم کەرەستەیەوە زیاد دەکرێن، واتە کەرەستەی بەدەسەڵاتی ڕستەیە، بەڵام لە هەندێک دۆخدا دەرناکەوێت، وەک:

1. 'لگەل کارێن بێهێز بێ ڕەنگییە:

٧٠) ئەو قوتابیθیە' (عەبوزید، ٢٠١٢: ٥٦)، لێرەدا {ب}ی ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی بوون شاراوەیە و دەرنەکەوتووە.

2. مۆرفی {هێ/ێ}ی ڕەگی چاوگی (هاتن) لە کرداری ڕێژەی فەرماندانی گۆڤەری بادینی کوردیی سەرووشدا دەرناکەوێت، چونکە لەوێش شازە و بەپێی یاسای (ب + ڕەگ + ج. لکاو) دروست نەبووە، کرداری فەرماندانی پێچەوانەی (وەرە) کە (هەرە)یە، بە هەمان شێوە بەپێی یاسا نییە و لە کوردیی سەروودا چاوگی (ڕۆیشتن) بەکار ناهێت و تەنیا چاوگی (چوون)ە، واتە کرداری فەرماندانی (هەرە) لە چاوگی (چوون)ەوە دروست بووە و ڕەگی کردارەکەی {چ}ە، بەڵام لە دۆخی فەرماندانادا شاراوەیە.

### ٢-١-٢-٦) مۆرفی رووکار:

1. **مۆرفی رووکاری فەرماندان:** لە ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەرووشدا کردارمان هەیە ناوازەیە و لە یاسا بەدەرە، وەک (وەرە، هەرە)، لەم کردارانەدا جگە لە ڕەگ، مۆرفی {ب}ی فەرماندانیش دەرنەکەوتوونە، واتە مۆرفی شاراوەن، لە هەندێک کرداری داڕێژراو 'ببێژە ⟵ θبێژە،ببەڤە ⟵ θبەڤە' (سەعید هالو، ٢٠٠٧: ٦٠) و کرداری لێکدراو[١٠]یشدا ئاساییە بشاردرێنەوە، بۆ نموونە:

**خشتەی ژمارە (٣)**

**شیانی شاراوەیی مۆرفی ڕێژەی فەرماندانی کوردیی سەروو.**

| ژ. | چاوگی ناسادە | ڕەگ | ڕێژەی فەرماندان | شیانی ڕێژەکە |
|---|---|---|---|---|
| ١. | پێڤەدان | پێڤە-دە | پێڤە بدەن | پێڤە θدەن |
| ٢. | سەرکەفتن | سەر-کەڤ | سەر بکەڤە | سەر θکەڤە |

جگە لەم هۆکارانە، مۆرفی رووکاری فەرماندان لە دۆخی نەرێدا، بەهۆی مۆرفیی نەرێوە دەشاردرێتەوە و دەرناکەوێت، بۆ نموونە:

٧١) بخون. ⟵ نەخون. ب=θ
٧٢) بکرە. ⟵ نەکرە. ب=θ

1. **مۆرفی رووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی:** هەردوو مۆرفی رووکاری ڕانەبردووی هەواڵی و دانانی لە کوردیی سەرووشدا لە کاتی گۆڕینی ئەرێی ڕێژەکان بۆ دۆخی نەرێ، مۆرفەکانیان دەرناکەون و دەبن بە مۆرفی شاراوە، بۆ نموونە:

٧٣) ئەز نانی دخوم. ⟵ ئەز نانی ناθخوم. د= θ
٧٤) بلا ئەو بچیت. ⟵ بلا ئەو نەθچیت. ب= θ

### ٢-٢) مۆرفی سفر لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا:

ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیم کۆمەڵێک مۆرفن و 'لە هەر پۆلێکدا (کراوە بێت، یان داخراو) تەنیا یەک ئەندامی ئەو پۆلە بۆی هەیە ببێتە سفر، ئەمەیش بۆ ئەوەیە، لێلواتایی یان تێنەگەیشتن دروست نەبێت' (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٤٩)، بە واتایەکی تر 'لە پرۆسەی دروستکردن، ئەو جۆرە مۆرفە (input) و (output)ی وەک یەکن و هیچ گۆڕانکارییان تێدا دروست نابێت' (ناوخۆش، ٢٠١٨: ٣٥)، واتە "مۆرفیمەکە لە مێشکدا هەیە، بەڵام وەکو مۆرف دەرکەوتنی نابێ" (قادر، ٢٠٠٩: ٣٩)، چونکە "مۆرفا سفر چ شێوە نینن وەکو فۆنیم بەرامبەری ئەوێ د زمانیدا بهێنە ڤیسین هەروەسا د شیانژیدا نینە ژ لایێ ئاخفتنکەرێن زمانیڤە بهێتە زارکرن" (عومەر و ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٧)، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای جیاوازیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە بین، لە خوارەوە نموونەی "مۆرفی سفر" بۆ هەریەک لە زارەکانی کوردیی ناوەڕاست و سەروودا دەهێنینەوە:

### ٢-٢-١) مۆرفی سفر لە زاری کوردیی ناوەڕاستدا:

**٢-٢-١-١) مۆرفی کەس:** جێناوی لکاو لەگەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا، "لە دەستەی (م-ین، یت-ن، ∅-ن)دا، کەسی سێیەمی تاک دەبێتە مۆرفی سفر (∅) و دەرناکەوێت' (حەمەئەمین و ڕەشید، ٢٠١٥: ٣٣)، بۆ نموونە:

٧٥) من هاتم.
٧٦) ئەو هات∅.

لێرەدا مۆرفی سفر جێنشینی کەسە و ئاماژە بە کەسی سێیەم دەکات، بەڵام لە ڕستە و دەقی ئاساییدا نانووسرێت، تەنیا لە شیکاری ڕێزمانیدا نەبێت، بەپێی ئاماژەدانی دەنووسرێت.

**٢-٢-١-٢) مۆرفی دژ/ پێچەوانە:** ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ کاتێک لەگەڵ کردارەکاندا دێن، سیفەتی شاردنەوەی مۆرفی تری ڕێزمانییان هەیە و دەکرێت لە هەندێک دەرکەوتنیاندا مۆرفەکان بشارنەوە، یان ئەوەتا بەیەکەوە دێن، بۆ نموونە: (دەخۆم-ناخۆم) یان (دەمخوارد-نەمدەخوارد)، بەڵام کە لەگەڵ بەشەئاخاوتنی تردا دێن، دەکرێت دژ بە مۆرفی سفری ئەرێدا بوەستن، وەک:

٧٧) "∅ساغ × ناساغ /∅/ × /نا/

٧٨) ∅خۆش × ناخۆش /∅/ × /نا/

٧٩) ∅پاک × ناپاک /∅/ × /نا/

لێرەدا مۆرفیمی (سفر) لەگەڵ (نا) دژی یەکتر وەستاون و وشەی دژیان دروست کردووە" (طاهر و حمد، ٢٠١٥: ٢٧)، ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کاتێک وشەکانی (بەهێز، بەنرخ، بەتام، ... هتی تر) بەرانبەر (بێهێز، بێنرخ، بێتام، ... هتی تر) دژ دەوەستن، واتە مۆرفی {بێ} بەرانبەر مۆرفی {بە} لە ئەرێوە دەیکاتە نەرێ و دژ دەوەستن، کەچی لە (ساغ × ناساغ)دا مۆرفی {نا} بەرانبەر هیچ مۆرفێکی ئەرێ نەوەستاوە و مۆرفی ئەرێ سفرە، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ مۆرفێکی نییە و خۆی ئەرێیە.

**٢-٢-١-٣) مۆرفی تاف:**

1. **مۆرفی {ە}ی مۆرفیمی تافی ئێستا:** ئەم مۆرفی تافە ڕۆڵی زۆرە و لەگەڵ ماوەکانی ڕێژەی کرداریشدا دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕەگی ڕانەبردوودا زۆربەی کات سفرە، چونکە زۆربەی ڕەگەکان لە بنەڕەتدا مۆرفی تافی ڕانەبردوویان تێدا نییە، مەگەر ڕەگەکە خۆی هەبیێت، وەکوو چاوگەکانی (بوون، هەبوون)، بۆیە لەگەڵ کرداری ڕانەبردوودا زۆربەی کات سفرە، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | مۆرفی کاتی ئێستا |
|---|---|---|
| ٨٠) بوون | ب | ە |
| ٨١) هەبوون | هە-ب | ە |
| ٨٢) بڕین | بڕ | ∅ |
| ٨٣) کوشتن | کوژ | ∅ |

2. **مۆرفی {ێ}ی مۆرفیمی تافی داهاتوو:** ئەو مۆرفەیە ساتی ڕوودانی دوای ئاخاوتن دیاری دەکات، بەشێک لە زمانەوانان ئاماژە بە مۆرفی {ێ} دەکەن و پێیان وایە ئەم مۆرفە کاتی داهاتووی بکەردیار دیاری دەکات، هەرچەندە لە بکەردیاردا هەموو کات دەرناکەوێت، تەنیا لەگەڵ چەند کردارێکدا نەبێت، ئەگەرنا لە کردارەکانی تردا مۆرفی کاتی داهاتوو سفرە، چونکە لە بنەڕەتدا کردارەکە ئەم مۆرفەی نییە، تاکوو بە مۆرفی شاراوە دابنرێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | مۆرفی کاتی داهاتوو |
|---|---|---|
| ٨٤) گریان | گرێ | ێ |
| ٨٥) خوران | خورێ | ێ |
| ٨٦) هێنان | هێن | ∅ |
| ٨٧) بڕین | بڕ | ∅ |

یان لە ڕستەکانی '(جوتیارەکە زەوییەکە دەکێڵێت) و (منداڵەکە دەخەوێت)دا مۆرفی کات سفر (∅)ە' (محمد و قادر، ٢٠١٠: ١٢٣).

**٢-٢-١-٤) ئەسپێکت:** هەموو ئەسپێکتێک ڕووکاری کردارەکەی دەخاتەڕوو، تەنیا کرداری ڕابردووی نزیک، ئەسپێکتەکەی "لە شێوەی سفردا دەبێت و هیچ فۆرمێکی ڕێزمانی بۆ نواندنی نییە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

٨٨) کرد + د+ ∅ + م ⟵ کردم

٨٩) کەو + ت + ∅ + ین ⟵ کەوتین" (احمد، ٢٠٢٣: ٤٩).

بەم پێیە یاسای دروستبوونی ڕابردووی نزیکی هەواڵی بەم شێوەیەیە:

'ڕەگ + م. تافی ڕابردوو + ئەسپێکت (∅) + ج. ڕێککەوتن' (سەرچاوەی پێشوو: ٤٩).

**٢-٢-٢) مۆرفی سفر لە زاری کوردیی سەروودا:**

**٢-٢-٢-١) مۆرفی کەس:** لە کوردیی سەروودا ئەم دەستە جێناوی کەسیی لکاوە چالاکە و پێی دەڵێن: جێناوی ڕێککەوتن، وەک (م-ین، ی-ن، (ە، ∅، یت، ت)-ن)، لەگەڵ کردارەکان و دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەز-ئەم)دا بەکار دێن (عەبدولڕەحمان، ٢٠١١: ٥)، واتە یەکێک لە ئەلۆمۆرفەکانی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک سفرە، بۆ نموونە:

٩٠) ئەز هاتم.

٩١) ئەو هات∅.

**٢-٢-٢-٢) مۆرفی تاف:** یەکێک لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی تافی ڕابردوو سفرە، واتە لە هیچ بارودۆخێکدا فۆرمی نییە، لەو چاوگانەدا دەردەکەوێت، کە فۆنیمی پێش نوونی چاوگیان /ر/ە، وەک: "بر (ڕەگ) + م. سفر (م. تافێ بوری) ⟵ بر(م. سفر)" (طاهر، ٢٠١٣: ٤٣)، (موسا، ٢٠١٤: ٢٦٢)، بۆ نموونە:

٩٢) تە ئەز بر∅م. م. تافی ڕابردوو

"هەژی ئاماژە کرنێیە بێژین، کو د (د. ژ)دا هندەک چاوگ هەنە، وەک (کرن، مرن، برن، خوارن، ...)، کو مۆرفیما ڕابردو تێدا دبیتە (∅) نەکو (ر) ژبەرکو ئەڤ (ر)ە د (د. ن)ژیدا هەیە. هەر وەکو د ڤان نموناندا: (کرن، مرن، خوارن) د (د. ژ)دا ، (کردن، مردن، خواردن، د (د. ن)دا" (اسلام، ٢٠١٥: ٩٣)، بەپێی ئەمە مۆرفی تافی ڕابردوو دەبێتە سفر، دەکرێت دوو مۆرفی سفر بەیەکەوە بێن، بۆ نموونە:

٩٣) من ئەو بر∅∅. م. تافی ڕابردوو

لەم ڕستەیەدا دوو مۆرفی سفر بەدوای یەکدا هاتوون، یەکەمیان مۆرفی مۆرفیمی تافی ڕابردووە و دووەمیان مۆرفی مۆرفیمی جێناوی کەسی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، وەک ئاماژەیان پێ دراوە، ئەم ئەلۆمۆرفانە لە هیچ بارودۆخێکدا فۆرمیان نییە و هەردەم (م. سفر)ن.

**٢-٢-٢-٣) مۆرفی دژ/ پێچەوانە:** ئەلۆمۆرفەکانی نەرێ جگە لە بەشەئاخاوتنی کردار[11] کە لەگەڵ بەشەئاخاوتنی تردا دێن، دەکرێت دژ بە مۆرفی سفری ئەرێ بوەستن، وەک:

٩٤) 'θخوش × نەخوش

٩٥) θباش × نەباش

٩٦) θمێر × نەمێر' (مونیب، ٢٠٢٢: ٣٤).

**٢-٢-٤) ئەسپێکت:** کرداری ڕابردووی نزیکی هەواڵی لە کوردیی سەرووشدا بەبێ ئەسپێکت نزیکیەتیی ڕووکاری کردارەکەی دەخاتەڕوو، واتە لەم زارەشدا مۆرفی ئەسپێکتی ڕابردووی نزیک سفرە، وەک:

٩٧) کڕی∅ ئەحمەدی نان کڕی∅.

٩٨) خاند∅ نەسرینێ وانە خاند∅.

## ئەنجام

1. مۆرفی سفر و شاراوە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و لە یەکتر جیان، جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە: مۆرفی سفر لە بنەڕەتدا هیچ فۆڕمێکی نییە و لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەوێت، بەڵام مۆرفی شاراوە خاوەن فۆڕمە و بە هۆکاری ڕێزمانی فۆڕمەکەی دەرناکەوێت و دەشاردرێتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی (تنۆک جوانەِ.)دا، {ب}ی ڕەگی ڕانەبردوو = θ (م. شاراوە)یە و جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک = ∅ (م. سفر)ە.
2. بەپێی جیاوازیی ئەم دوو مۆرفە، دەردەکەوێت هەموو ئەو مۆرفانەی بە سفر دانراون، مۆرفی سفر نین، بەڵکوو بەشێکیان مۆرفی شاراوەن و وەک مۆرفی سفر ناسێنراون.
3. هەندێک کات بە مەبەست مۆرفی دەرکەوتوو دەکرێتە دەرنەکەوتوو، بەڵام مۆرفی سفر شیانی ئەوەی نییە.

## پەراوێزەکان

1. بڕوانە: (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٩٠).
2. بۆ ئەوەی بەوردی جیاوازی لەنێوان مۆرفی سفر و شاراوەدا بکەین، بەباشمان زانی هێمایەکی تایبەت بۆ مۆرفی شاراوە دابنێین، تاکوو لێڵیی نێوان مۆرفی سفر و شاراوە نەمێنێت، چونکە هەندێک کات هەردوو مۆرفەکە بەیەکەوە دێن، بۆ نموونە: (ئەو θ زانکۆیێ بوو∅.) لەم نموونەیەدا (ل: م. ڤەشارتی)یە و (∅: م. سفر)ە.
3. ئاستی مۆرفۆلۆژی.
4. "عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ" لە کتێبی (وشەسازیی کوردی)دا پۆلێنی مۆرفیمەکانی کردووە "لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە، مۆڕفیمەکان دەبنە: سێ جۆر: دەرکەوتو، دەرنەکەوتو و نیمچەدەرکەوتو" (ڕەسول، ٢٠٢٣: ٤٧)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، بە هیچ ناونیشانێک ئاماژەی بە مۆرفی ئاوێتە/ گۆڕاو و مۆرفی ناتەواو نەداوە، هەروەها بە مۆرفی ئەو مۆرفیمانەی کە هەندێک جار دەرناکەون، دەڵێت مۆرفیمی سفر، لە کاتێکدا ئەو مۆرفیمانە مۆرف-نەک مۆرفیم-یان نابێتە سفر، بەڵکوو تەنیا هەندێک کات دەرناکەون و دەبنە شاراوە/ ڤەشارتی.
5. بۆ درێژەی مۆرفەکانی (شاراوە و سفر) بگەڕێوە (**١-٢**) مەرج و تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم، خاڵی (٤) شێوەی فیزیکی).
6. بڕوانە: (موسا، ٢٠٠٠: ٧٣؛ سەلیم، ٢٠١٢: ٣٣).
7. بۆ هۆیەکانی دەرنەکەوتنی بگەڕێوە (**١-٤-٢**) مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی))، یان بڕوانە (ئەمین، ٢٠١١: ٣٢).
8. بڕوانە: **١-٤-٢)** مۆرفی دەرنەکەوتوو (شاراوە/ ڤەشارتی).
9. بڕوانە: **١-٤-١-٣)** مۆرفی ئاوێتە/ گۆڕاو.
10. بۆ دۆخی لێکدراو، بڕوانە: **٢-١-١-٦)** خاڵی یەک مۆرفی ڕووکاری فەرماندان.
11. بڕوانە: **٢-٢-١-٢)** مۆرفی دژ/ پێچەوانە لە زاری کوردی ناوەڕاستدا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی:

### کتێب


ئەسیری (١٣٨٣) "ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی"، لێکۆڵینەوەی عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی سامرند، پیرانشار.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١) "پێتۆکەکانی زمانەوانی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١٦) "ڕێزمانی کاری زمانی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

بەرزنجی، فەرەیدون عەبدول (٢٠٠٨) "نادیاری"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

حاجی مارف، ئەورەحمانی (٢٠١٤) "وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا"، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ڕەسول، عەبدوڵلا حوسێن (٢٠٢٣) "وشەسازیی کوردی"، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

ڕەسووڵ، عەبدوڵڵا حوسێن (٢٠١٥) "چەند باسێکی وردی زمانەوانی –کوردی"، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

سەلیم، زێڕین خورشید (٢٠١٢) "ئەلۆمۆڕف د زمانێ کوردیدا"، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.

عبدالله، ڕۆژان نوری (٢٠٠٧) "فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عەبدال، عەبدوڵڵا (٢٠٢١) "ڕاستنوسی و هۆکارەکانی چۆنێتیی نوسین"، چاپی یەکەم، چاپی سەنتەری لاس، کۆیە.

عەبوزید، سانیا جەبار (٢٠١٢) "ئەسپێکتێن کاری دکوردیا سەریدا"، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی، دهوک.

عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٥) "دەنگسازی ... چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦) "چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی"، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

مونيب، ئاراز (٢٠٢٢) "مۆرفۆلۆجی – بەراوردییەک دناڤبەرا مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کاری د (کرمانجیا باکورا ستاندەر) و (دەڤۆکا دهوک)ێدا"، چاپا ئێکێ، چاپا پەرگەها ئارام، دهوک.

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٨) "لە بارەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس"، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

هاشمی، دیاکۆ (٢٠٢١) "پوختەی ڕێنووس و خالبەندی"، چاپی یەکەم، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید.

**نامە و تێز:**

احمد، هەلدێر بهاءالدين (٢٠٢٣) "ئەسپێکت لە کرمانجیی ناوەڕاست و سەروودا"، نامەی ماستەر، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

اسلام، نفل صالح (٢٠١٥) "پەیوەندی دناڤبەرا دەنگسازی و واتایێدا"، ناما ماستەرێ، فاکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ، زاخۆ.

بابان، شێرکۆ (٢٠١٥) "ڕێزمانی بوون و هەبوون لە شرۆڤەکاری زانستیدا"، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

بابکر، صالح عبدالله (٢٠١٦) "ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەلتیی پەروەردەی قەلادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین، قەلادزێ.

حمد، شیروان حسێن (٢٠١٤) "توانای مۆرفیمی بەند لە دەولەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆلینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردیو فارسیدا)"، تێزی دکتۆرا، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٥) "بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا"، نامەی ماستەر، سکولی زمان، فاکەلتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حەمەدئەمین، شنۆ عەولا (٢٠١٤) "فرەئەرکی لە زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

ڕەجەب، سلێمان ئیسماعیل (٢٠٠٦) "مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کوردییا سەری ((گوڤەرا بادینان))"، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

صادق، سیدەوان عەبدولا (٢٠٢٣) "مۆرفۆپراگماتیکی گیرەکە وشەدارێژەکان لە زمانی کوردیدا"، نامەی ماستەر، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

سەعید هالو، دیار عەبدولکەریم (٢٠٠٧) "یاسایێن دەنگی د کوردیا ژوریدا"، ناما ماستەرێ، کولێژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، دهۆک.

طاهر، دلمان قطاس (٢٠١٣) "مۆرفۆفۆنیم د زمانێ کوردیدا"، ناما ماستەرێ، فاکولتیا زانستێن مروڤایەتی، سکولا ئادابێ، زانکۆیا دهوکێ.

عەبدولرەحمان، نێژار سلێمان (٢٠١١) "جهناڤ ژ لایێ نیشانکارانڤە (گوڤەرا بەهدینی وەک نموونە)"، ناما ماستەرێ، کولیژا ئادابێ، زانکویا دهوک.

قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٢) "مۆرفیمە بەندە لێکسیکیو ڕێزمانییەکانو ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا"، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣) "بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان"، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محمود، سمیە علی (٢٠٢٣) "ڕێگاکانی دەربڕینی چەمکی کات لە زمانی کوردیدا"، فاکەلتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

موسا، عەبدولوەهاب خالد (٢٠٠٠) "ڕێزمانی (بون و هە بون) لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**گۆڤار:**

ئەمین، سەروەت محەمەد (٢٠٠١) "پێداچوونەوەیەکی نوێ بە یاسای (کردار)و (کات) ەکانی زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی B، ژمارە ٨.

امین، وریا عمر (١٩٨٢) "ووشە"، نووسەری کورد (گوڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد)، خولی دووەم، ژمارە ٩.

حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز و ڕەشید، سەلام ڕەحیم (٢٠١٥) "ڕێزمانی جێناو لە کرمانجیی ناوەڕاستدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٧.

صابر، شادان شکور و عەبدولا، ڕۆژان نوری (٢٠٢٣) "بنەماکانی دارشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢.

طاهر، شهاب طیب و حمد، شیروان حسین (٢٠١٥) "مۆرفیمی بەندو دیاردە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ٧.

عەول، محەمەد عومەر (٢٠١٠) "دابەشبوونی کرداری لێکدراو لەڕووی دارشتن و ئەرکەوە – لە کرمانجیی خوارووداـ"، گۆڤاری مەلبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە ٣.

عومەر، دیمەن عەبدوللا و ئەحمەد، بائیز عومەر (٢٠٢٢) "مۆرفا سفر د زمانێ کوردیدا"، گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ، پەرپەندا ١٠، ژمارە ١.

غریب، دلشاد محەمەد (٢٠١٣) "مۆرفێمەکانی (ـا) لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا"، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١.

قادر، صباح رشید (٢٠٠٩) "تیۆری مۆرفیم و هەندێ دیاردەی مۆرفۆلۆجیی کوردی"، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٤٢.

لیژنەی کۆری زانیاری (١٩٧٥) "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆلینەوەی لیژنەی ((زمان و زانستەکانی)) بەشەکانی ئاخاوتن"، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم.

محمد، فەرەیدون عبدول و قادر، ابوبکر عمر (٢٠١٠) "کەرەسە مۆرفۆ سینتاکسییەکان لە کرمانجیی ناوەڕاست و کرمانجیی ژووروودا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٢٧، سلێمانی.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

Yule, G. (2010). "*The Study of Language*". 4th ed. Cambridge: Cambridge University Press.

Katamba, F. (1993). "*Morphology*". London: Macmillan Press.

Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N. (2018). "*An Introduction to Language*". 11th ed. Boston: Cengage Learning.

Stageberg, N.C. (1981). " *An Introductory English Grammar*. New York: Rinehart and Winston.